کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:16 27-4-2007

## ڕامانێک لە ڕۆمانی "ئەفسانەی چیای ئاگری"ی یەشار کەمال ... وەرگێرانی: دڵشاد موحەممەد

(ئەفسانەی چیای ئاگری) وەکو هەموو داستانە جیهانییەکانی تر ململانێی نێوان "خێرو شەر" "خۆشەویستی و ڕق" لە خۆ دەگرێت..

"ئەفسانەی چیای ئاگری" کەشی داستانە ئەفسانییەکانی جیهانی وەرگرتووە، لەو ڕۆمانەیدا یەشار کەمال دەقێکی ئەفسانەیی تراژیدی پێشکەش دەکات، کە زیاتر لە سەرگوزشتەو ژیاننامەی میللی نزیکترە کە دەماو دەم دەگێڕدرێتەوەو نەوە لە دوای نەوە میراتگری دەبن.

یەشار کەمال بۆ دروستکردنی ئەم ڕۆمانە پێگەیەکی جوگرافی ناسراوی هەڵبژاردووە، (کێوی ئاگری) کە ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری وەك: وان، هەکار، موش، تەبلیس، و گوندە پەرش و بڵاوەکانی لوتکە چیاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەگرێتەوە کە کوردی تێدا نیشتەجێن، یەشار کەمال لەو شوێنەدا داوی چیرۆکە گەرم و شیرینیەکانی دەچنێتەوە، لەو فەزایەدا کە سنوردار کراوە بە داب و نەریت و تقوسی بە جێماو، لەو دەقەرەدا کە قەدەر چارەنووسەکان دیاریدەکات، شوێنێك "منی تاك" ملکەچم بۆ ئیرادەی کۆمەڵ، داب و نەریتەکان جۆری ڕەفتارەکان دیاری دەکەن، ئەگەر بێتو پاڵەوانێکی ئەفسانەیی لە زەمەنێکی نادیاردا دەربکەوێت، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە قەدەر هەڵیبژاردووە، لەبەر ئەوەی یارمەتی و گرنگی پێدانی خودایی بە ئاشکرا لەو شوێنەدا خەسڵەتی پاڵەوانێتیی بە خشیوەتە ئەو پاڵەوانە.

هێڵی گشتی ڕۆمانەکە چیرۆکێکی خۆشەویستی تایبەت لە خۆدەگرێت، کە "ئەحمەدو گوڵ بەهار"ی کچی "مەحمود خان"ی پادشای لایەنگری سەر بە عوسمانییەکانی پەیوەست کردووە بە یەکترییەوە.

لێرەدا.. ئەحمەد لاوێکی لادێ نشینی سادەو ساکارەو لە گوندی (سوریکا) لە لاپاڵ چیای ئاگریدا، بەیانییەك لە بەرانبەر ماڵە سادەکەیدا ئەسپێکی ڕەسەنی گرانبەهای زینپۆشی جوانی نەخشێنراو بە ئاڵتون و زیو دەبینێت، ئەحمەدیش بەپێی نەریتی ئەو شوێنە سێجار ئەسپەکە لە بەردەرگەی ماڵەکەیان دوور دەخاتەوە کەچی هەر دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، ئەوەش بەپێی بیروباوەڕی ئەوان ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەو ئەسپە لە ئاسمانەوە هاتووەو لەو شارە سادەو ڕەقەدا دەرگای هەر ماڵێك هەڵبژێرێت دیاریەو بەهیچ شێوەیەك نابی دەستبەرداری بیت، ئەگەرچی خاوەنی ڕاستەقینەشی داوای بکاتەوە.

دواتر خاوەنی ئەسپەکە "مەحمود خان" پاشای گوندی بایەزید، بەم ڕووداوە دەزانێت و پیاوەکانی دەنێرێت بۆ هێنانەوەی ئەسپەکەو نامەیەکیشیان پێدەبێت کە تێدا هاتووە: "ئامادەیە ئەحمەد چەند ماڵ و سامانی دەوێت بیداتێ" وەڵامی ئەحمەدیش بەم شێوەیەیە "پاشا داوای گیانی بکات، بەڵام هەرگیزا و هەرگیز دەست بەرداری ئەو ئەسپە نابێت "، دواتر پاشاکانی کورد دێنە ناو مەسەلەکەوە بۆ چارەسەری کێشەکە، بەڵام لەوی داب و نەریتەکان لە هەموو جۆرە پەیوەندییەك بەهێزترن، "لەوەتەی دونیا دروست کراوە، کێ ئەسپێکی گێڕاوەتەوە کە لەبەردەرگاکەیدا ڕاوەستابێت"، مەحمود خان بەم هەڵوێستە تەواو توورە دەبێت دوای هەڕەشەو گورەشەی زۆر هێرشێکی فراوان دەکاتە سەر ئەو شارەی "ئەحمەد"ی تێدا نیشتە جێیە، ماڵی هەموو ئەو هەژارو نەدارانەش دەستووتێنێت کە لەگەڵ ئەحمەددا ڕایانکردوو بۆ ناوچەی هەکاری کە کوردەکانی شەمزینانی لێبوو، سەرباری ئەو کاولکارییش نەیتوانی ئەسپەکە بەدەست بهێنێتەوە، تەنها پیاوێکی پیری بەساڵاچوو یان دەسگیریانکرد کە بە (یوفی) ناسرابوو.

پاشای زۆردارو ستەمکار سێ کچی جوانی هەبوون بەناوەکانی: "گولیستان، گوڵی زەر، گوڵ بەهار".

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

"گوڵ بەهار" خۆی دەخاتە مەترسییەوەو هەرچۆن بێت سەردانی "یۆفی" بەندکراو دەکات، تاوەکو چیرۆکی ئەحمەد بزانێت ئەو لاوەی کە ملکەچی فەرمانەکانی پاشای باوکی نەبوو، ئازایەتی ئەو لاوە دەروونی ئەو ئافرەتە جوانە دەوروژێنێت و پێی سەرسام دەبێت، ئەو "گوڵبەهار"ەی کە بەناسکی و نەرمی پێدەکەنێت.

پاش ماوەیەك هەواڵی شوێنی خۆشاردنەوەی "ئەحمەد" دەگاتە پاشان ئەویش کوڕی یەکێك لە پاشاکان دەنێرێت بە دوایداو نامەیەکی پێدەدات کە دەڵێت: "پاشا لەو گەنجە سەرکەش و یاخییەو هەموو لادێیەکان خۆش دەبێت ئەگەر بگەڕێنەوە" بەڵام کاتێك ئەحمەد دەگەڕێتەوەو دەگاتە کۆشکی پاشا دەسگیریدەکات و زیندان دەبێتە چارەنووسی، چونکە پاشا مانای بەڵێن و پەیمان نازانێت، (40) ڕۆژ مۆڵەت دەدات بە ئەحمەد تاکو ئەسپەکە بگێرێتەوە یاخود چارەنووسی لە سێدارەدان دەبێت.

"گوڵ بەهار" کە عاشقی ئازایەتی ئەحمەدبوو بە هاوکاری و هاوسۆزی "مسیمو"ی سەرۆکی زیندانییەکان خۆی دەگەیەنێتە زیندانەکەی نزیك کۆشکی پاشا بە ئەحمەدی خۆشەویستی دەگات، ئەمەش کارێکی خۆکوژانەیە ئەم کچە عاشقە ئەنجامی دەدات، دوای چەندین هەوڵی نهێنیی "گوڵ بەهار" ئەحمەد ڕازیدەکات کە ئەسپەکە بگەڕێنێتەو، بەڵام پاشا بیانووی دەهێنایەوە بەوەی کە ئەمە ئەسپەکەی ئەو نییە، دواجار ماوەی دیاریکراوی لە سێدارەدانی ئەحمەد دیاریکراو، لە دواین ڕۆژدا "گوڵ بەهار" داوا لە سەرۆکی زیندانییەکان دەکات کە ئەحمەد و هاوڕێکانی ئازاد بکات ئەویش ڕازی دەبێت بە مەرجێك کە تاڵێك قژی خۆی بە دیاری پێببەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێت ئەم کارە بەرەو مەرگی دەبات، گوڵ بەهاریش داواکەی جێبەجێدەکات، بەڵام هەردوای ئازادکردنی زیندانییەکان پاشا بڕیاری کوشتنی "مسیمو"ی دەرکرد، کاتێك کە "مسیمو"یان کوشت خەڵکەکە بینییان کە دەستی چەپی بە نوقاوی لەسەر دڵی داناوەو تاڵە قژەکەی "گول بەهار"ی لە ناو دەستدایە.

چیرۆکی خۆشەویستی "ئەحمەدو گوڵبەهار" بڵاودەبێتەوەو دەگاتە لای شاعیرەکان و دەیکەنە شیعر دەبێتە گۆرانی سەرزاری شوانەکان خەڵکێکی زۆر داوا لە پادشا دەکەن کە گوڵبەهار ببەخشێتە ئەحمەد، پادشاش تەنیا بەوە ڕازیدەبێت کە ئەحمەد بچێتە سەر لووتکەی "چیای ئاگری" و لەوێدا وەك ئاماژەیەك بە گەیشتنی بەو لووتکەیە ئاگرێك بکاتەوە، ئیدی ئاهەنگ گێڕان دەست پێدەکات، "بەپێی بیرو باوەڕی ناوچەکەش لەسەر ئەو لووتکەیە بیرێك هەیە کە دەگاتەوە ناوجەرگەی جیهانی خوارەوە هیچ کەسێك نەچووەتە سەر ئەو لووتەکەیەو بە سەلامەتی گەڕابێتەوە، بەڵام عەشقی "گوڵبەهار" ئەحمەد دەباتە سەر چیاکەو ئاگریشی پێدەکاتەوە، بەڵام ئەحمەد لەکاتی گەڕانەوەیدا کەدەزانێت خۆشەویستەکەی تاڵێك لە قژی خۆی بەخشیوەتە سەرۆکی زیندانییەکان لە بەرانبەر ئازادکردنی ئەودا، ئەو ڕووداوە ئاگری خۆشەویستی لە دڵی "ئەحمەد" دا دەکوژێنێتەوە.

ئەم سەرکەوتنە زۆر خەفەتاوی بوو، بە هۆی ئەوەوە کە خۆشەویستەکەی تاڵێك لە قژی خۆی پێشکەش بە سەرۆکی زیندانییەکان کردبوو، هەربۆیە چیرۆکی خۆشەویستییەکە لە کەنار دەریاچەی (کوب) ی خوار چیای ئاگری کۆتایی پێدێت، لە کاتێکدا ئەحمەد لە نێو شینایی دەریاچەکەدا ون بوو، ئیدی تاهەتایە نەگەڕایەوە "گوڵ بەهار"یش بە تەنها مایەوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکات، تا ئێستاش "کاتێك گەردوون لە خەو ڕادەچڵەکێت و هەموو ساڵێك کە وەرزی بەهار دەگا شوانەکانی "چیای ئاگری لە هەموو لایەکەوە دێن و عەباکانیان لەسەر خۆڵی مسی دەریاچەکە دادەکەنن و لەسەری دادەنیشن، لەسەر خۆڵی خۆشەویستیی، ئەو خۆڵەی تەمەنەکەی (1000) ساڵ بوو"، لەوێدا زۆر بە غەمبارییەوە چیرۆکی خۆشەویستی و تووڕەیی "چیای ئاگری" دەگێڕنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:16 27-4-2007

"ئەفسانەی چیای ئاگری" وەکو گشت داستانە جیهانییەکانی تر "خێرو شەڕ" و "خۆشەویستیو ڕق" لە خۆ دەگرێت، مەحمود پاشاو دارو دەستەکەی لەلایەك و ئەحمەد و لایەنگرە زۆرەکەی لەلایەکی ترەوە، لە کۆتاییدا خێرو خۆشەویستی سەردەکەوێت، بەڵام گیانی شەرەفمەندانەی عاشق دوای ئەو هەموو ئازارو تێکۆشانە لە پێناویدا قبووڵی نەکرد کە خۆشەویستەکەی تاڵێك قژی خۆی پێشکەش بە کەسانی دی بکات!!

"یەشار کەمال" ڕۆمانەکەی بە زمانێکی شیرین و ڕەوان و گۆرانی ئامێز نووسیوە، جاری وا هەیە خوێنەر وەختە لە نێو دێرەکاندا ون بێت، "یەشار" زیاتر لە گێڕەرەوەیەك دەچێت کە لە کتێبی کراوەدا چیرۆك دەخوێنێتەوە، ئەو بێئەندازە دڵسۆزە بۆ ڕۆشنبیری شوێنەکە و ئاستی هۆشیاری کەسایەتییەکان، لە هەموو ئەو شتانەش دوور دەکەوێتەوە کە دەبنە بەربەست لەبەردەم جوانی و شیرینی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، بەلێشاو قسە دەکات هەروەکو ئەوەی گۆرانی بچڕێت، زۆرێك لە ڕەگەزو موفرەدەکانی ژینگە وەردەگیرێت، بێئاگاش نابێت لە پێشکەشکردنی وەسفێکی کورت و کاریگەر.

ئەو لە بارەی گوڵ بەهارەوە دەنووسێت "کاتێك پێدەکەنێت ڕوومەتەکانی سووردەبنەوەو چاوە گەرمەکانی بەشەوق و تامەزرۆییەکی قوڵەوە فرمێسکیان لێدەچۆڕێت، ملوانکەیەکی ئاڵتونی لە گەردنی ئالاندووەو قاچەکانیشی بە خەڵخاڵی ئاڵتونی ڕازێنراوە بە گەوهەرو زومرە داپۆشیوە".

لە (ئەفسانەی چیای ئاگری) دا باڵندەیەکی سپی بچکۆلانە هەیە لە دوورە دێت و هەردوو باڵی لە شینایی ئاوی دەریاچەکەدا نقوم دەکات و بەسەریشیدا سێبەری ئەسپێکی ڕەش تێ دەپەڕێت..

دوای ئەوەی هەردوو عاشق ڕۆشتن و ماڵئاواییان کرد، بەڵام باڵندەو ئەسپەکە، وەك دوو ڕەمز لە لانکەی خۆشەویستییدا مانەوە، تاوەکو ئێستاش هانی ئەندێشەی کوردانی نیشتەجێی شاخەکان دەدەن، ئەوانیش بەبێ مەلەل و بێ تاقەتی ئەو چیرۆکی خۆشەویستییە دەبینن و وردەکارییەکانی دەگێڕنەوە، هەروەك نهێنی سپیایی بەفری "کێوی ئاگری" کە شاهیدو گەواهیدەری خەسارەت و زیانێکی زۆرە.

وەرگێرانی: دڵشاد موحەممەد
dlshadm@maktoo. com
surdashi1@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.